دەستەی کەشناسی پێشبینی پلەکەمانی گەرمای بڕاوکردوو

ئەمڕۆ سێشەممە، دەستەی کەشناسی عێراق پێشبینی کەشوهەوای وڵاتی بۆ ڕۆژانی داهاتوو ڕاگەیاند و پێشبینی دەکات شەپۆلێکی خۆ بارین ناوچەکە بگرێتەوە لەگەڵ ئەوەیشدا پلەکانی گەرما کەمێك بەرز دەبێتەوە.

ڕ

ڵە ڕاگەیندراوێکی دەستکەدا هاتووە، دەستەی کەشناسی عێراق ئاماژەی بۆکردووە، "سبەی چوارشەممە کەشوهەوای ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور ساماڵ دەبێتەوە، هاوکات لە ناوچەکانی باکوور نیمچە هەور دەبێت و هەندەکجاریش هەوری تەواو دەبێت، لەگەڵ ئەگەری بارانبارینی سوک و پەرشوبڵاو لەو ناوچەیەکە - بە-ی باکوری ڕۆژئاوا دەبێت، خڕایی مامناوەند دەبێت، لە هەندەک ناوچە چالاک دەبێت، لە 30 کم/کاتژمێر تێدەپەڕێت، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی تیز وخۆ، جگە لە ناوچەی باکوور، کە

پلەکانی گەرما هاوشێوەی هێڵی پێشوو دەبن، لەکاتێکدا بینینی ئاسایی (6-8) کم دەبێت، و (2-4) کم لە تێزدا."

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، "سەی چوارشەممە بەرزترین پلەکانی گەرما بەم شێوەیە دەبێت: سلەمانی و هەولێر 34 پلە، ئەنبار 35، کەرکوک 36، بەغدا، نەینەوا، سەڵاحەدین، و دیالە 37، کەربەلا، بابل، واست، دیوانیە 38، و بەسرە 40 پلە دەبێت".

هەروەها ئەوەیش هاتووە کە، "کێشوهەوای هێڵی پەنجشەممە لە ناوچەی باکور ساماڵ دەبێت بە نیمچە هەور، لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لە ناوچەی ناوەڕاست، هاوکات لە ناوچەکانی باکور و باشووریش هاوشێوەی دەمێنێتەوە".

ڵەڕاگەیندراوەکەی ئاماژەی بۆشکراوە کە "کێشوهەوای ئاژی هێنی لە سەرانسەری وڵاتدا سامان دەبەخشێ، پلەکانی گەرما لە سەرانسەری وڵاتدا کەمێک بەرزدەبنەوە".

هەروەها ئەوەیش هاتووە کە، "کێش و هەوای ئاژی شەمەی بەشێوەیەکی گشتی سامان دەبەخشێت، لە نیوەڕۆدا نیمچە هەور دەبەخشێت لە ناوچەی باکور، هاوکات پلەکانی گەرما لە ناوچەی ناوەڕاست هاوشێوەی دەبن و لە ناوچەکانی باکور و باشوور کەمێک بەرز دەبنەوە".